گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئەرك و ڕۆڵی پەرلەمان لە بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا

**لاجان محمد عثمان**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

lajan.mo@gmail.com

**محمد حسێن شوانی**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

mohshwany@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/١٣

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/١٨

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Important, parliament, Social Security, Security Psychological, Parliamentary system, Opposition.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.11

## پوختە

ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ئەرك و ڕۆڵ و گرنگی پەرلەمان لە ڕادەی کاریگەری بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان، پرسیارە سەرەکییەکەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە: ئایا بوونی پەرلەمان هیچ کاریگەری بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەدا و ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەش برتییە لەوەی ئەگەر هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان نەیانتوانی بێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی دابین بکات ئەوا هەندێکیان گەیشتووە بەم ئەنجامە، ئەم توێژینەوەش ڕۆڵێکی بەرچاووی هەیە لە تێگەشتن لە ئەرك و ڕۆڵی پەرلەمان لە بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، بەپێی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەرك و کاری پەرلەمان، بە تایبەتی لە ڕووی پەیوەندی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە. چونکە پەرلەمان وەك یەکێك لە گرنگترین دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی وڵات پێگەیەکی گرنگ و بەرچاوی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا هەیە.

بەهۆی ئەوەی کە توێژینەوەکەمان توێژینەوەیەکی تیۆرییە میتۆدی شیکاریمان بەکارهێناوە، لە کۆتایشدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەڕێگەی دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیار و پرۆژە یاساکان، پەرلەمان

دەتوانێت رۆڵی کارا بگێڕێت لە چەسپاندنی سەقامگیربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆنایدا لە توێژینەوەکەمان دا ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** پەرلەمان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی دەروونی، سیستەمی پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن.

## پێشەکی:

هەرچەندە لە ڕووی بەکارهێنانی زانستییەوە چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی چەمکێکی نوێ و سەردەمییە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم چەمکە بە جۆرێك کۆنە کە هاوزەمەنی سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. مرۆڤ لە هەموو سەردەمێک خەون و ئاواتی خۆی هەیە و هیچ نەوەیەک ناتوانێت بە هەموو خەسڵەتە کولتووریەکانی خۆی بە درێژایی زەمەن بەردەوام بێت، بۆ هەمیشە نەوەی نوێ هاتووەو نەوەی کۆنی وون کردووە، تێپەڕبوونی نەوەکانیش هەموو جارێک بە ئاشتی و ئاسایش نەبووە، زۆربەی جار بە ململانێ و ئاژاوە تێپەڕیوە، جا ئەم ئاژاوەو ململانێیە بووەتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاشتەوایی مرۆڤایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگە، بۆیە وەک زەرورەتێک زانایان و فەیلەسوفان باسیان لە پێویستی بوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کردووە.

لەم چەند ساڵەی دوایدا گرنگییەکی زۆر بەپرسی ئاسایش دراوە کە یەکێکە لەبابەتە گرنگ و سەرەکیەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و بە بەردەوامی توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت، بەمەبەستی زانینی ڕۆڵ و کاریگەری لە بوارو لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، بۆیە لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە گرنگی ئەم بابەتە بدەین وەك بەشێك لە دەوڵەمەندکردنی بابەتی ئاسایش بەتایبەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسیدا بەشێوەیەکی گشتی.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەیەکێك لە پێداویستیە گرنگ و سەرەکیەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، و بەرقەراربوونی ئەم ئاسایشەش ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە دروستبوونی کۆمەڵگایەکی سەقامگیر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە چونکە دواجار دەبێتە هۆی هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بەپێی ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پرسێکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، کە دەبێتە هۆی هێنانە کایەی ئارامی دەروون و دڵنیایی سەقامگیری کۆمەڵایەتی کە یەکێکە لە پێداویستیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگەکانی ژیانی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی هەست بە ئاسایشی دەروونی وئارامی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بکەن، چونکە پێچەوانەی ترس و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیرییە.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا پەرلەمان گرنگترین دامەزراوەی باڵای یاساییە، بەهۆی ئەوەی کۆی بڕیارە یاساییە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان لەوێوە بڕیاری لەسەر دەرێت، بۆیە پێویستە پەرلەمان بەپێی پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکان و دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان سەرقاڵی ڕێکخستنی ژیانی هاووڵاتییان بێت و گوزارشت لە بیروباوەڕو ویست و خواستەکانیان بکات.

سەردەمی ئەمرۆ، کە بە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو جیهانگیری دەناسرێت، بەهۆی گۆڕانکارییە خێرایە یەك لە دوای یەکەکان کۆمەڵگاکان دووچاری چەندین قەیران و گرفتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی بوونەتەوەو لە ئەنجامدا بووەتە هۆی هاتنە ئارای وەرچەرخانێکی نوێ لە نێو کۆمەڵگادا، کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نییە لەو گۆڕانکاریانە بەتایبەت دوای شەڕی ئازادبوونی عێراق و کرانەوەی سنوری هەرێمی کوردستان بەڕووی وڵاتانی دراوسێی و جیهانی، هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا گەورەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان و جموجوڵ و چالاکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کاراتر بوون و بووە هۆی بەرەوپێشچوونی هەرێمی. کوردستان و سەرئەنجام بووە هۆی هاتنەکایەی کولتورێکی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەنجامدانی دووبارە هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی پەرلەمان

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1- گرفتی توێژینەوە

خاڵی دەستپێك لەهەر توێژینەوەیەکدا بریتیە لە دروستبوونی پرسیارێك لە هزر و زەینی توێژەردا، دواتر لە ناوەڕۆکی ئەم پرسیارەوە گریمانەی وەڵامەکانی دادەڕێژێت و بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێت (سلیمان، 1973: 101). پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەوەی ئایا بوونی پەرلەمان هیچ کاریگەری بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەوە ڕۆڵ و گرنگی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێت کە تا چەند کاریگەری لەسەر پرسەکانی کۆمەڵگا هەبووەو تا چ ئاستێك پەرلەمان ئەرك و ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا جێبەجێکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرباری کورتی مێژووەکەی بەڵام بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو لە دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا بەهۆی ناجێگیری باری ناوچەکە، دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بە ژینگەیەکی ناسەقامگیر تێپەڕیوە، نەبوونی ڕابردوویەکی دووری سیستەمی پەرلەمانی لە کوردستاندا، بووەتە هۆکاری کەمی توێژینەوەی ئەکادیمی پشتبەستوو بە میتۆدە زانستییەکان لەسەر پەرلەمان. لەهەمان کاتدا پەرلەمان بەهۆی گرنگی پێگەکەی وەك بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. لە پەرلەمانەوە هەنگاوەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگا دەست پێ دەکەن و هەموو کارو پرۆژەو یاساکان لەوێوە دادەڕێژرێن، لە لایەکی دیکەشەوە بوونی پارتی سیاسی جیاواز بە تێڕوانین و جیهانبینی جیاواز، بوونی ئۆپۆزسیۆن و کەمایەتی نەتەوەیی و ئاینی جیاواز پێکهاتەی پەرلەمان و کارو چالاکیەکانی ئەم دامەزراوەیان ئاڵۆزتر و سەختتر کردووە.

## 2- گرنگی توێژینەوەکە

لەم قۆناغەی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی هەبوونی چەندین قەیرانی جیاواز، بابەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی سەرەڕای گرنگییەکەی بەڵام نەبووتە جێگەی بایەخ و سەرنجی ناوەندە ئەکادیمییەکان و دامەزراوە زانستییەکان. بەپێچەوانەی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا توێژەرانی سەرقاڵ کردووە، بەپێی ئەوەی تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی وەك هەڕەشەیەکی جدی و مەترسیدار لەسەر ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵگا و تاك لە هەموو ڕوویەکەوە دەبینرێت، چونکە لە دەرئەنجامی کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی، ئابووری، یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت.

لە ڕووی تیۆرییەوە: ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەرك و کاری پەرلەمان، بە تایبەتی لە ڕووی پەیوەندی دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونییەوە. بەپێی ئەوەی پەرلەمان وەك یەکێك لە گرنگترین دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی وڵات پێگەیەکی گرنگ و بەرچاوی لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە خزمەت بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەکات، لەکاتی دانان و تاوتوێکردنی پرۆژە یاساکان بۆ لەبەرچاوگرتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یەکێك لە بابەتە نوێیەکان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دەکۆڵێتەوە، ئەویش بریتیە لە بابەتێکی پەیوەست بە دامەزراوەی پەرلەمان، بەپێی زانیاری و گەڕان و بەدواداچوونەکانی (توێژەر) کەمترین توێژینەوە لە چوارچێوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدراوە، هیچ توێژینەوەیەك لەسەر گرێدانی چەمکەکانی پەرلەمان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی لە زانکۆکانی کوردستان و عێراقدا نەکراوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە بەهای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پێویستتر دەکات. بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە ببێتە دەسپێکێکی گرنگی زانستی بۆ توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتانەی نێو کۆمەڵگا کە پەیوەندیدارن بەم دامەزراوە گرنگەی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان.

### 3- ئامانجی توێژینەوە

ئامانجەکانی توێژینەوە ئەو خواست و ویستانە دەگرێتەوە، کە توێژەر لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە دەیەوێت بەدەستیان ب
هێنێت (نورەیی،2020: 30). ئامانجی ئەم توێژینەوەش  بریتییە لە گەیشتن بە وەڵامێکی دروست و زانستی، بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1- ئەگەر هەموو بڕیارەکانی  پەرلەمان نەیانتوانی بێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی دابین بکات ئەوا هەندێکیان گەیشتووە بەم ئەنجامە.
2- دەرخستنی توانای  دەرکردنی  بڕیار و یاساکانی پەرلەمان، ڕۆڵگێڕانیان لە بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دا.
3- دەرخستنی هۆکاربەندی نێوان بەرقەرارابوونی ئاسایشی  کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەروونی تاك.

### ئەرك و ڕۆڵی پەرلەمان لە بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا

### دووەم: پێناسەی چەمکەکان

لە تویژینەوە زانستیەکانی بواری زانستە کۆمەلایەتییەکاندا، پێناسەی چەمکەکان، یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکیەکانی توێژینەوەو بە کارێکی پیوست و بەشێکی گرنگی تیۆری کۆمەڵایەتی دادەنرێت بەپێی

ئەوەی لە کۆمەڵێك بیرۆکەی بەیەکەوە بەستراو لە ڕووی لۆژیك و دیالێکتیکەوە پێکهاتووە (زێباری، 2018: 131).

بۆیە لێرەدا دوای دیاریکردنی ڕەهەندەکانی توێژینەوە بە پێناسەی چەمکەکان دەست پێ دەکەین.

## 1- پەرلەمان(parliament) :

لە ڕووی زمانەوانیەوە ئەگەر ووشەکە بخەینە بەرباس، ئەوا پەرلەمان وشەیەکی ئینگلیزیە، بە مانای ئەنجومەنی گەل یان ئەنحومەنی نیشتیمانی دێت، هەرچەندە ڕەگی وشەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (parler) فەرەنسی بەمانای کۆبوونەوەی گروپێك یان دەستەیەك بۆ گفتۆگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە دێت. لە ڕووی مێژووییەوە سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار بۆ سەدەی سێزدەیەم دەگەڕێتەوە، کە بەنوێنەرانی شاری پاریسیان دەوت، بەتایبەتیش دوای گواستنەوەی وشەکە بۆ ئینگلتراو بە ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل و پیرانیان دەوت (مەحمود، 2021: 21). وەکو زاراوەش لە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا پەرلەمان ئاماژەیە بە هەر کۆبونەوەیەك بۆ گفتوگۆیەك لە شوێنێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت (الكيالي، 1990 :51) واتە وشەی پەرلەمان لە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بە واتای ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی نیشتمانی، دەستەی نوێنەران و ئەندامانی ئەنجومەنی پیران یاخود ئەنجومەنی شورا دێت ( سعيفان، 2008: 290) .

لەلایەکی ترەوە پەرلەمان چەندین ناو و شێوەی جیاوازی هەیە وەك لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (کۆنگرێس) بەکاردێت، کە هەریەك لە (ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران) دەگرێتەوە، لە هەریەك لە وڵاتانی میسر و سوریا (ئەنجومەنی گەل) بەکاردێت ( مەحمود، 2021: 21). هەروەها لە یابان (دیت) و پۆڵۆنیا (سیم) و لە ئیسپانیا (کۆرتیس) و ئیرلندا (دویل) و (ئەنجومەنی نوێنەران) لە لوبنان و عێراق بەکاردێت (العماوي، 2009: 250).

لە ڕووی دەستەواژەوە پەرلەمان بەمانای ئەو ئەنجومەنە دێت کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، بۆ دانانی یاساکان و ڕەزامەندیدان لەسەر دیارکردنی بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەت و هەروەها چاودێریکردنی کارەکانی دەوڵەت. سەرباری ئەوانەش گرنگە ئاماژە بەوەبکەین کە پەرلەمان لە زۆرێك لە وڵاتاندا لە دوو ئەنجومەن و پێکهاتووە بەڵام لە بەشێکی تری وڵاتان لەیەك ئەنجوومەن پێکهاتووە (ڕۆستایی،2017: 6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرلەمان دامەزراوەیەکی سیاسییە لە ئەنجومەن یان چەند ئەنجومەنێك پێکدێت، هەریەکێك لەو ئەنجوومەنانە لە ژمارەیەکی زۆر ئەندام پێکدێت و دەسەڵاتیان هەیە و دەتوانن بڕیاری گرنگ بدەن. هەریەك لە ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی گەل و ئەنجوومەنی شورا ئەرکیان یاسادانانە، دامەزراوەی پەرلەمانش لە کۆمەڵێك ئەندام پێکدێت کە بە نوێنەری گەل ناودەبرێن، بە ڕێگە و ئامرازێکی دیموکراسیانە و بە دەنگدانی نهێنی، ڕاستەوخۆ دیاری دەکرێن (التوجیری، 2005: 18). یان بە مانایەکی تر، پەرلەمان چەقی ئەو دەسەڵاتە یاسایی و مەعنەوییانەیە کە گوڕوتین دەداتە دامەزراوەکانی دیکەی حکومڕانی. مینبەرێکی گرنگی سەرکردە باڵاکانی حیزبە سیاسییەکانە تا بەردەوام دیبەیتی ستراتیژی درێژخایەن بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی وڵاتەکە و چارەسەری ناکۆکی و قەیرانە ناوەکیەکانی تێدا ئەنجام بدەن (عەلائەددین، 2018: 8).

لە لایەکی تر، بەم شێوەیە باسکراوە، کە پەرلەمان بەواتای ئەنجوومەن دێت یاخود ئەو کۆڕ و ناوەندە فەرمییانەیە کە توانای دەرکردنی بڕیارێکیان هەبێت، کە ئەرکی سەرەکییان تاوتوێکردن و پەسندکردنی یاسا و بوودجەیە (محەمەدی و حاجی زادە، 2006: 128).

لە ڕاستیدا، لە نێو کۆمەڵگاکاندا پەرلەمان بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی تاکەکەسەکان دادەنرێت بەمەبەستی بەڕێوەبردن و شێوازی دابینکردنی پێداویستی کۆمەڵایەتی و ئاسایش و ئابووری، لەگەڵ بەشداریکردنی لایەنە سیاسییەکان و دەستەبەرکردنی سیستەمی حکومڕانی، بۆیە ئەمەش ئەوەدەگەیێنێت کە پەرلەمانی هیچ کۆمەڵگایەك لە پەرلەمانی کۆمەڵگایەکیتر نەچێت، چونکە هەر پەرلەمانێك ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کلتور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیەتی (عزیز،2020: 19).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، لەم توێژینەوەیەدا مەبەست پەرلەمان بریتییە لە
دامەزراوەیەکی سیاسی گرنگی یاسادانانە، چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات و شوێنێکیشە بۆ گفتوگۆکردنی قەیران و کێشەکانی نێو کۆمەڵگا و ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security)

ئاسایش ( الأمن ) Security-لە زاراوەی لاتینی(Security-Securitas)ـەوە وەرگیراوە. ئاسایش وەك چەمك و مانا، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە پارێزگاری کردن لە ژیانی گشت تاکەکان بەبێ جیاوازی ئەوەی کە سپییە یاخود ڕەش؟ ژنە یاخود پیاو ؟ خوێندەوارە یاخود نەخوێندەوار؟ جا لە هەر ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەك بێت. بۆیە چەمکی ئاسایش بە مانای نەبوونی هەڕەشە و مەترسی و بوونی ئاسوودەیی و متمانە و دڵنیایی دێت. ئاسایش پێش ئەوەی کە چەمکێکی مادی یاخود دیاریکراو بێت دیاردەیەکی هەستەکی و ئیدراکییە، بە واتای ئەوەی کە پێویستە دڵنیایی لە هزری خەڵك، دەسەڵاتداران و بڕیار وەرگران دروست بێت کە بەبێ دڵەڕاوکێ ژیانیان لە ئاسایش دایە (قادر، 2020: 20)

بە گشتی زۆرێك لە توێژەران و پسپۆڕانی ئەم بوارە جەختیان لەوە کردۆتەوە، کە چەمکی ئاسایش چەمکێکی دینامیکی گۆڕاوەو پەیوەستە بە بارودۆخی ناوەخۆیی، دەرەکی، هۆکارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە (الحربی، 2008: 10). چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چەمکی "ئاسایش" خەسڵەتی گۆڕانە، ڕەوشێکە کە بەپێی هەلومەرجی کات و بۆشایی، بەپێی ڕەچاوی دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی دەگۆڕێت (محمد، 2013: 8). لە ڕووی ( زمانەوانییشەوە ) ئاسایش پێچەوانەی ترسە، حاڵەتێکە لە مرۆڤدایە ئاماژە بەپاڵنەری ویست دەکات بۆ بەرگریکردن یان راکردن یان هێرشبردن. ئەم حاڵەتە وەك چۆن لە تاکدا هەیە، بە هەمان شێوە لە کۆمەڵیشدا هەیە. بەو پێیەی چەندین پاڵنەر هەن ژیانی مرۆڤ دەبزوێنن و ڕەفتارەکانی ئاراستە دەکەن ئیتر ئەو پاڵنەرە بایۆلۆژی بێت وەکو پاڵنەری برسێتی و تێنوێتی و نوستن و هەناسەدان، یان پاڵنەری دەرونی بێت (قدور، 2009: 9). چەمکی ئاسایش بەوە پێناسە کراوە، کە بریتیە لە ڕەتکردنەوەی ترس و پێشبینی نەکردنی ڕوودانی هیچ خراپەیەك لە ئایندەدا، هەروەها هەستکردن بە دڵنیایی لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگا و دامەزراوە جیاوازەکاندا، کە کاریگەری لەسەر هەموو چاکە و خراپەیەکی کۆمەڵگاوە دەبێت (اللحام و الاخرون ، 2015: 43).

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەو مانایەش دێت کە لایەنی هەستی نەتەوەیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ماددی و مەعنەوییەکانە لە نێوان بەش و گروپ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بۆ گەیشتن بە دۆخی هاوسۆزی کۆمەڵایەتی کە توندوتیژی و توندڕەویی دووردەخاتەوە و دڵنیای دەکاتەوە کە

گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی و یاساشکێنی مافی خۆیانیان دەست دەکەوێت (إسماعيل، 2008: 133).

هەروەها ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی تاك دڵنیابی لە سەلامەتی خۆی، ماڵ و منالی، سەروەت و سامانی، لەهەمان کاتدا هەست بە ئازادی ژیانی دەکات بەبێ بوونی ترس و دڵەڕاوکێ، لەگەڵ ئەوەی حکومەت داندەنێت بە پێگەو شوێنی لەنێو کۆمەڵگادا (الهيتي، 2007: 4).

بە پشتبەستن بەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین لە پێناسەیەکدا بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بڵێین: ئاسایشی کۆمەڵایەتی چەترێکە سنورەکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنێت و ئاماژەیەکی گشتگیر دەگەیەنێت لە پارێزگاریکردنی تاك لە مەترسیەکانی برسییەتی، تاوان، ململانێی کۆمەڵایەتی، چەوساندنەوەی سیاسی، کارەساتەکانی ژینگە، دابینکردنی ئاسایش و پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیان و رەخساندی هەلی کار و پیشە و شوێنی نیشتەجێبوون.

## سێیەم: توێژینەوە کانی پێشووتر

1- توێژینەوەی(سلێمان، 2015) بە ناونیشانی **(ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی - توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان)**

پرسی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی لەوەی تا چ ڕادەیەك پەرلەمان توانیویەتی بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان؟ هەروەها دەرخستنی هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکستی پەرلەمان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

گرنگترین ئامانجەکانی، بریتین لە دیاریکردنی ئەرك و بنیاد و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و ئامانج لە دروستکردنی لێژنەکان و گرنگی پەرلەمان لە کۆمەڵگای مەدەنی و پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیان لە دروستکردنی ئازادی و سەروەری یاسا و دیارکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە زەقەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەك کە مەترسیداربن و ژمارەیەکی زۆری خەڵك و چینەکانی کۆمەڵگا بە دەستییەوە بناڵێنن، لەگەڵ خستنەڕووی مەرج و پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و باسکردنی هۆکارە جیاوازەکانی دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگای کوردی و لێژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان لە ڕێگە گرتن لەم هۆکارانە و دیاریکردنی توانای پەرلەمان لە چارەسەرکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی کێشەی (ئافرەتان و لاوان) بە دانانی پرۆژە یاسای پێویست لە مێژووی دامەزراندنییەوە بەدرێژایی هەر چوار خولی هەڵبژاردن و گرنگی پێدان و دیدی خەڵك بۆ یاساکانی پەرلەمان لەنێو کۆمەڵگای کوردی و پەنابردنیان بۆ پەرلەمان لە کاتی هەبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

توێژەر لەم اوێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە دوو شێواز بەستووە، یەکێکیان شێوازی چەندایەتییە لەبەر ئەوەی نموونەی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی وەرگرتووە، ئەویتریان شێوازی چۆنایەتییە چونکە لە رێگای چاوپێکەوتنەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە و دوواتر زانیارییە مەیدانییەکانی بە ڕیگەی وەسف و شیکردنەوەی هەڵسەنگاندیە و شیکردۆتەوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەشی بریتی بووە لە هەرێمی کوردستان، واتا هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەریەك لە بۆ نموونەی توێژینەوەکەی پشتبەستە بە شێوازێکی هەڕەمەکی و ڕێژەی نموونەکەش بریتیە لە (160) کەسی نێو ئەو کۆمەڵگایە کە وەك نمونەی سەرەکی وەرگیراون. هەروەها هەریەك لە (پرسیارنامە، چاوپێکەوتن، سەرنجدان) وەك ئامرازەکانی توێژینەوە سودی لێوەرگیراوە.

لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەشتووە، کە یاساکانی پەرلەمان ئەوانەی بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان پەسندکراون، بەشێوەیەکی باش و کاریگەر نەیانتوانیوە کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەربکەن. نەبوونی سەروەری یاسا، دەستوەردانی حیزبی گرفتن، هەروەها پەرلەمان نەبۆتە هۆکاری دروست بوونی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دیموکراسی. هەروەها زۆربەی ئەو یاسایانەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پەسەند کراون، وەك (یاسای پێشینەی هاوسەرگیری، قەرزی بچوکی لاوان، سولفەی عەقار ..هتد) لە خولی سێیەمی پەرلەمان پەسند کراون، کە بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆن بەناوبانگ بووە.

**3.1.** توێژینەوەی( السهلي، 2007) بە ناونیشانی **(ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە ئەدای پیشە - توێژینەوەیەکی ڕوپێویە لەسەر فەمانبەرانی ئەنجومەنی شورای سعودیە)**

تویژەر لە توێژینەوەکەیدا گەڕان و بەدواداچوونی کردووە بۆ گەشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە و زانینی ئاستی ئاسایشی دەرونی فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شورای سعودیە و زانینی ئاستی ئاسایش و تواانای پیشەیی فەرمانبەرانی ئەنجوومەنی شورای سعودیە و ئاشنابوون بە سروشتی پەیوەندی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان ئاسایشی دەرونی فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شورای سعودیە و ئاستی پسپۆری پیشەکەی و زاینی ئاسایشی دەرونی و پەیوەندی بە توانای پیشەیی لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە سەرجەم فەمانبەرانی ئەنجومەنی شورا لە شاری ڕیازی وڵاتی سعودیە، کە ڕێژەیان (685) فەرمانبەرە و لە (32) یەکەی ئیداریدا کاردەکەن. بۆ نمونەی توێژینەوەکەش سوود لە ڕێگەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراوە بەشێوەی ڕێزبەندی بۆ تاکەکان و فەرمانگەی بەڕێوەبردن هەڵبژێردراون. هەروەها میتۆدی بەکارهاتووی توێژینەوەکە بریتییە لە (میتۆدی وەسفی، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی)، لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی تویژینەوەکەشدا، تویژەر پشتی بە ئامرازەکانی وەك (فۆڕمی راپرسی، چاوپیکەوتن، سەرنج و تیبینی) بەستوە.

لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، کە ڕێژەیەکی زۆری فەرمانبەرانی دەستەی شورای سعودیە هەست بە بەرقەراربوونی ئاسایشی دەروونی دەکەن، ئاست و ئەدای پیشەییان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوە دەچێت. لەم ڕوانگەوە بۆی دەرکەوتووە لایەنی ئاسایشی دەروونی کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر بەڕێوەچوونی کاری پیشەیی فەرمانبەران، فەرمانبەران هەموو تواناکانی خۆیان دەخەنە گەڕ لەپێناو زیادکردنی توانا و ئاستی پێشکەشکردن، هەروەها جۆرێك لە جیاوازی بوونی هەیە لەبارەی توانا و شایستەیی لە نێوان ئەوتاکانەی هاوسەرگیرییان کردووە، کە کۆمەڵێك ئەرك و ڕۆڵی جیاواز دەبینن بەبەراورد لەگەڵ ئەو تاکانەی هاوسەرگیرییان نەکردووە ڕۆڵیان کەمترە.

**چوارەم: ئەر ك و ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان**

بە شێوەیەکی گشتی پەرلەمان لە هەر وڵاتێکدا چەند ئەرك و ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش وەکو تەواوی پەرلەمانەکانی جیهان ئەو ئەرك و ڕۆڵانەی هەیە کە بریتین لەمانی خوارەوە:

**1- . یاسادانان:**

یاسادانان لە پێشەوەی ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان دێت کە دەنگدەران بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی دادەبن، بۆیە وڵاتی پێشکەوتوو بە یاساکانییەوە دەناسرێتەوە، چونکە یاسا کۆڵەگەی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، یاسا چەند لە بەرژەوەندی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەوە بێت و

لە وڵاتدا سەروەر بێت ئەوەندە دەبێتە هۆی بەرقەرار بوونی ئاسایش لە نێو کۆمەڵگادا، بەم پێیەش پەرلەمان بە گرنگییەوە پرۆژە یاساکان تاوتوێ دەکات (هەمەوەند،2011: 5).

ئەرکی یاسادانان یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەم ئەرکەش خۆی دەبینێتەوە لە دارشتنی یاساکان و پێشنیارکردنیان و بریارلێدانیان، یاخود پێشنیارکردنی پرۆژە یاسا لەلایەن حکومەت و رەزامەندی دەربرینی پەرلەمان لەسەریان و ناردنیان بۆ سەرۆکی دەوڵەت بەمەبەستی پەسندکردنیان (سلێمان، 2019: 23). شێوازی یاسادانان لە پەرلەمانی هەر وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەرێمی کوردستانیش کە شێوازی یەك پەرلەمانییە و یاسا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پێشکەش دەکرێت، یان لە رێگەی (10) ئەندام پەرلەمان یاخود لەرێگەی سەرۆکی هەرێمەوە دەبێت (وەرتی، 2014: 14).

پرۆسەی یاسادانان: بریتیە لە گفتوگۆ و پەسندکردنی:

**یەکەم**: پرۆژە یاسا، یان پرۆژە بریار لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، پێشکەش دەکرێت.

**دووەم**: پێشنیازی یاسا، یان بریار بە لایەنی کەم، لەلایەن (10) ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت.

**سێیەم**: ئەو پرۆژە یاسا و بریارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە پێشکەش دەکرێت، لەو بابەتانەیە کە پەیوەندیدارن بەخۆیانەوە.

**چوارەم**: پێشنیازی ئەو یاسا و بریارانەی، لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوەیە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان، پێشکەش دەکرێت (پەیرەوی ناوەخۆی، پەرلەمانی کوردستان، 2018: 85).

لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەکرێن پشت بە دەستوور نابەستن، بەڵکو پشت دەبەستن بە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی(1991)، هەرچەندە ئەمە بە حاڵەتێکی تەندروست دانانرێت لە روانگەی یاساییەوە، چونکە نابێت یاسا پشتبەستبێت بە یاسایەك کە بە هەمان شێوەی خۆی بێت، بەڵکو دەبێت گەل لەرێگەی دەستوورەوە دەسەڵاتی پێببەخشێرت بۆ ئەوەی یاسا دەربکات (رۆستایی، 2019: 83-84). بوونی یاسا و بەهێزی یاساکان وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵگا لە پەشێوی و ترس و دڵەراوکێ گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتیش لە کاتی دەرکردنی هەر بریار و یاسایەك لە پەرلەمان دەکرێ ئەم کاریگەرییانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ لەسەر هاوڵاتیان دەربکەون.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- چاودێریکردن:

ئەرکی چاودێریکردن لە پەرلەماندا گرنگترین لایەنی چالاکییەکانی پێکدەهێنێت لە دەوڵەتی هاوچەرخدا. لە ڕاستیدا بەر لە هەر شتێك پەرلەمان بە دەزگایەك دادەنرێت بۆ چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە ئەرکی چاودێریکردن لە دەنگدان لەسەر ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریدەکات گرنگترە (سلێمان، 2019: 17) پەرلەمان چاودێری جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکات کە پەسندیان دەکات و لەهەمانکاتدا بەدواداچوون بۆ شێوازی کارکردنی دامەزراوە فەرمییەکان دەکات. بەپێی مادەی (56)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1991 پەرلەمان چاودێری حکومەت دەکات و دەسەڵاتی متمانە پێدان و وەرگرتنەوەی لە حکومەتی هەیە (صادق، 2014: 19).

چاودێریکردن و لێپرسینەوە و بەدواداچوونی بڕیارەکانی حکومەت و دامەزراوە جێبەجێکارەکان، بە یەکێك لە کۆڵەگەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی دروست لە وڵاتانی دیموکراسی دادەنرێن. پەرلەمانی کوردستان بە دامەزراوەیەکی دیموکراسی دادەنرێت، چونکە لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی هەڵبژێردراون و شەرعییەتی لە گەلەوە وەرگرتووە. تائێستا هیچ کام لە فەرمانڕەوا و سەرکردە بڕیار بەدەستەکانی دامەزراوەکان ملکەچی لێپرسینەوەی پەرلەمان نەبوونە، ئەمەش بۆتە چاولێکەری و ڕێخۆشکەر بۆ بەرپرسان و فەرمانڕەوایانی خوارتر بۆئەوەی پشت لە پرۆسەی چاودێری و لێپرسینەوە بکەن و بە گرنگییەوە لێینەڕوانن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە ئەندام پەرلەمانان پۆستەکەیان بخەنە خزمەت بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەبێ ئەوەی میکانزمە ناوەکییەکانی پەرلەمان ڕێگەیان پێنەدات (عەلائەددین، 2013: 229-231).

لاوازی ڕۆڵی چاودێرکردن و ملکەچنەبوونی سەرکردەکان و لێپرساوان، بەکارهێنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی گشتی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت دەبێتە هۆی نەمانی متمانە لای هاوڵاتی بە پەرلەمان و دواتر لێپرساوانی تری حکومی، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ درووستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ و نەمانی یاخود لاوازبوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دەروونی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3- جێبەجێکردن:

هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێیبەجێکردن لە ژێر دەسەڵاتی پەرلەماندان، بەپێی ئەوەی پەرلەمان ئەندامانی حکومەت و سەرۆك کۆمار دیاریدەکات و لە ژێر چاودێری ئەودا کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، چونکە پەرلەمان لێپرسینەوە لە ئەندامانی حکومەت دەکات لەسەر ئەرکەکانیان و جێبەجێکردنی یاساکان و پابەندبوونیان بە سیاسەتی گشتی پەرلەمانەوە و لەهەمانکاتدا پەرلەمان دەسەڵاتی لابردنی وەزیرەکانی هەیە لە کاتی بەرپرسیاربوونیان (ستووپەیی، 2019: 20-22). هەمیشە لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن ملکەچە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان، چونکە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی شەرعیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پەرلەمانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەر لەبەردەم ئەو دامەزراوەشدا بەرپرسە ( عەبدوڵڵا، 2020: 132).

جێبەجێکردنی یاساکان لەژێر ڕێنمایی دەسەڵاتی پەرلەمانە و بەپێی ئەو شەرعیەتەی کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پێیاندراوە کە لە بنەڕەتدا ئەویش سەربەخۆیە، بەڵام لەژێر چاودێری دەسەڵاتی پەرلەماندایە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ملکەچی سیاسەتی پەرلەمان بن، بۆیە لێرەدا بۆ هێنانەدی دادپەروەری و یەکسانی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، چونکە تا چەند پەرلەمان پەرلەمانێکی بەهێز و سەربەخۆ بێت ئەوەندە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دەرونی هاوڵاتیان جێگیر و بێ کێشە دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە تا چەند پەرلەمان ڕۆڵێکی لاواز بگێڕێت دەبێتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری و ترس و دڵەڕاوکێ لای هاوڵاتییان، لە دەرئەنجامدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی هاوڵاتیان ناجێگیر و نا تەندروست دەبێت.

### 4- چاودێریکردن لە جێبەجێکردنی یاسادا:

یاسا لە کۆمەڵێك بنەما و پرانسیپ پێکهاتووە، کاری سنورداركردن و ڕاگرتنی شێواز و جۆری ڕەفتاری تاکەکانە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و پەیوەندی کردنیان بەیەکتریەوە. لەسەر ئەو بنەمایە پەرلەمان ئەرکەکانی یاسادانان جێبەجێدەکات، لەڕێگەی چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوری کە زۆرینەی ئەندامانی لەسەری کۆکن، بۆیە لەکاتی دەرکردنی هەر پرۆژە یاسایەك لەلایەن پەرلەمانەوە، دەبێ لەلایەن لێژنەی تایبەتەوە چاودێری بکرێت بۆ دڵنیا بوون لە جێبەجێکردنی وەك خۆی. جا ئەگەر ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری لەسەر ژیانی هاووڵاتییان هەبێت و ببێتە هۆی باشتر بوونی

ژیانیان، ئەوا جۆرێك لە دڵنیایی و سەقامگیری كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی كۆمەڵگا دەبێ (مصطفى، 1965: 7).

لکاتێکتدا کە یاسا وەك خۆی جێبەجێبكرێت، ئەوا دەبێتە هۆی بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی هەماهەنگی لە نێوان تاك و لایەن و بەرژەوەندییەكان بۆ بەدیهێنانی یەكسانی و داپەروەری كۆمەڵایەتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر جێگیری ئاسایشی كۆمەڵایەتی هاووڵاتیان لەلایەك و ئەداو کاری پەرلەمانی و ماندوبوون و چالاکبوونی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەکیترەوە، بەم ئەنجامەش پەرلەمان دەتوانێ متمانەی هاووڵاتیانی بۆ بگەڕێتەوە لەو كاتەی تاك و كۆمەڵگا بەگشتی هەست بەدڵنیایی و سەقاماگیری كۆمەڵایەتی دەكەن (الفار، 2006: 11-12).

دەكرێ بڵێین یەكێك لە هەنگاوە هەرە گرنگەكانی كاری پەرلەمانی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری ئاسایشی كۆمەڵایەتی، جێبەجێكردن و چاودێری كردنی یاسا دەرچووكانە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی هەڵومەرج و قۆناغی پێشكەوتنی كۆمەڵگا پێویستە پەرە بە هەمواركردن و چالاككردنی یاساكان بدرێت لە پێناو باشتركردنی بارودۆخ و ژیانی دانیشتووان.

### ج. پەسندکردنی بودجەی ساڵانە:

چاودێریکردنی پرۆسەی کۆکردنەوەی داهاتە گشتییەکان و چۆنیەتی خەرجکردنی بە یەکێك لە ئەرکە سەرکییەکانی پەرلەمان دادەنرێت، بەتایبەتی لە سیستەمی پەرلەمانی کۆمەلگە دیموکرات و پیشکەوتوەکاندا بە ئەرکێکی بنچینەیی دادەنریت و بەردەوام پەرلەمان پراکتیزەی ئەم دەسەلاتەی دەکا، بۆ ئەوەی هاولاتیان ئەو باجە بدەن کە حکومەت بەسەریاندا دەسەپێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی یەکێك لە ڕێسا نەگۆڕەکانەوەیە کە ئەویش برتییە لە بوونی ڕەزامەندی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی گەل (یەکێتی پەرلەمانتارانی نێودەولەتی، 2011: 215).

بوونی شەفافیەت لە پارەو سامانی وڵاتدا و دانانی بودجە و خەرجکردنی لەژێر ڕێنمایی و چاودێریکردنی پەرلەمان، دوور لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی دەرەوەی سنووری پەرلەمان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتی متمانە بە پەرلەمان بکات و ڕێز لە ڕێسا و یاسا و بارودۆخە لە ناکاو و قەیرانەکان بگرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە نەبوونی شەفافیەت و بەرچاو ڕوونی لەلایەن

هاوڵاتیانەوە دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بە پەرلەمان و لەگەڵ بوونی هەر قەیران و بارودۆخێکی لەناکاودا ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی تاك ناسەقامگیر دەبێت.

## 5- ئاسایشی کۆمەڵایەتی

پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ئێستا و ڕابردوودا یەکێك بووە لەو پرسە هەرە بایەخدارانەی کە پەیوەست بووە بە ژیانی کۆمەڵگەوە، لە هەموو هەلومەرجێکدا هەوڵی تەواو دراوە بۆ هێنانەدی. بەوپێیەی ئامرازێکە بۆ بەرەوپێش چوون و پاراستنی بوونی مرۆڤایەتی، بۆیە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانی بە پتەوی و جێگیری و گەشەسەندویی بمێنێتەوە ئەگەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی خۆی بەرقەرار نەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەهەر شێوەیەك بێت دەبێت ئاسایش بێتە کایەوە (العمري، 2009: 32). بۆیە لیردا بە چەند تەوەرێکی جیاواز باس لە ئاسایشی کۆمەلایەتی دەکەین:

### 1- باکگراوندی تیۆری ئاسایشی کۆمەڵایەتی

لەسەرەتادا فەیلەسوف و هزرڤانانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بە چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کردووە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بەهای ئەم چەمکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە سەردەمی ئەمڕۆماندا ئاسایش وەك چەمك لە زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرنگی زۆری پێدراوە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە دووچاری جیهانی مرۆیی بۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی و جۆرەکانی تری ئاسایش بەشێوەیەکی گشتی بە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاکان هەژمار دەکرێت. بۆیە لێرەدا ئاماژە بە ڕاوبۆچوونی چەند بیرمەندێك دەکەین لەوبارەیەوە.

سەرەتا لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانییەوە دەست پێ دەکەین، سۆکرات دەستەبەرکردنی ئاسایشی گەڕاندۆتەوە بۆ سیستەمە سیاسییەکان، پێیوایە جۆری سیستەمی سیاسی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا بە باری ئاسایشەوە لە ڕووی ئامانج و ڕێکخستن، مومارەسەکردن. سۆکرات، ڕاستەوخۆ لێدوانی بۆ خەڵك دەدا و بڕوای بەکارەکانی ئەقڵ و کاری چاکە و دورکەوتنەوەی مرۆڤ لە کاری شەڕانگێزی بووە، لەلایەکیتر سوکرات پێیوایە یاسا دەستکردەکانی

مرۆڤ لە دەسەڵاتەکانی خواوەند هەڵقولاوە و لەڕێگەی ئەو یاسایانە خۆشگوزەرانی بەرهەم دێنێت و ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبێت (غالب، 1989: 18-19).

لە لایەکیتر ئەفلاتوون لە کتێبی (کۆمار)دا، نەخشەی دەوڵەتێکی نموونەیی داڕشتووە و دەستەواژەی (دەوڵەت و یاسا)ی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، ئەمەش لە ژێر کاریگەری پەرتەوازەبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی خۆی بووە بۆ بونیادنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لە هەوڵی بەرهەمهێنانی بنەمایەکی نوێدا بووە کە دەوڵەتی بەو بنەمایە نوێیە زانیوە (جابر، 1989: 19). لەو دەوڵەتەدا ئادەمیزاد بە ئاسودەیی و بەختەوەری دەژی، لە شەڕ و شۆڕ دوور دەبێت و ئاڵای هەمیشەیی دادپەروەری بەسەردا دەشەکێتەوە. بۆیە ئەفلاتوون لەو نەخشەیەدا سیستەمێکی پەروەردەکردنی تایبەتی دانا بۆ ئەوەی فەیلەسووفی کارامە پێبگات و جڵەوی فەرمانڕەواییان بدرێتە دەست، لە ڕێگەیانەوە یەکسانی پەیڕەو دەکرێت و بەو هۆیەشەوە ئاسایشی هەمیشەی بەدیدێت (عەزیز، 2008: 154-156).

ئەگەرچی "ئەرستۆ" بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی دەستەواژەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەکردووە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە ئەو دەستەواژانەی کە بەکاریهێناوە و ڕاڤەی بۆ کردووە، سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵایەتی لە خۆوە گرتووە، ئەرستۆ لە کتێبی (لۆژیك-المنطق)دا دەڵێت: ژیان گوزەرانێکی چێژبەخشە، ئەم چێژ وەگرتنەش لە ڕێگەی بەختەوەری بەرهەم دێت و بەختەوەریش بەهۆی بەکارهێنانی تواناکانی مرۆڤەوە دێتە کایەوە، ئەقڵی مرۆڤیش باشترین چارەسەرە بۆ بەدیهێنانی ئەو بەختەوەرییە، کە بەهۆیەوە مرۆڤێکی تەواو بونیاد دەنرێت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەرك و ڕۆڵە دیارەکانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی گەشەسەندوو، ئەرستۆ بەکارهێنانی ئەقڵی مرۆڤ بە سەرچاوەی چارەسەری کێشەکان زانیوە، پێیوایە مرۆڤ لە توانایدا هەیە بەهۆی ئەقڵەوە بەرەو پێشەوە بچێت و پەرە بە تواناکانی بدات، کە بە هۆیەوە سەرجەم کایەکانی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی جێگیر دەبێت، ئەرستۆ لە کتێبی (ئەخلاق)دا تێڕوانینەکانی پوخت کردۆتەوەو پێیوایە تیۆری ئەخلاق تەواوکەری تیۆری سیاسەتە (Thijssen and 151-177 (Bakker,2016:.

هەر لەمبارەیەوە ئیبن خلدون لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (مقدمة)، باسی کۆمەڵێك پرسی گرنگی کردووە کە ڕای وابووە هەموو ئەو پەرەسەندنانەی کە ڕوودەدەن پێویستی بە یاسا و بنەمای تازە هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاکو لە رێگەیەوە ئەم چالاکییانە رێکخستنی تەواوی بۆ بکرێت و دەوڵەت کۆنترڵی بکات، هەربۆیەش ئیبن خلدەون پێوایە ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی لە رێگەی چەسپاندنی یاساوە فەراهەم دەبێت، پێویستە لە پێشینەی سەرجەم کارەکانی دەوڵەت سەرچاوە بگیرێت، تاکو ئارامی کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەبێت (دوفاني،2015: 142). هەروەها ئیبن خلدووهن پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك پێداویستییەکی سەرەکی زانییوە و پێیوایە ئارامی کۆمەڵایەتی بابەتێکی زانستییە و بەهای مرۆیی و شارستانی لەخۆدەگرێت و دەبێت لە چوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتییەوە کاری بۆ بکرێت، تاکو کۆمەڵگای مرۆیی کە ئیبن خلدوون بە(ئاوەدانی مرۆیی) ناوی دەبات پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە بەلای ئیبن خلدون لە دوای دابینکردنی خۆراك و شوێنی حەوانەوە، پرسی ئارامی و ئاسایشی لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانن (حسين، 2018: 24-25).

هەروەها تۆماس هۆبز، لە کتێبی "لە بارەی سروشتی مرۆڤ"دا دوو قۆناغی سایکۆلۆژی و مێژوویی لە تێروانین بۆ مرۆڤدا لە یەکتری جیادەکاتەوە. یەکەمیان ئەو قۆناغەیە کە تیایدا مرۆڤ وەک ئاژەڵێک هەڵسوکەوت دەکات و پاڵنەری سەرەکی هەڵسوکەوت و جوڵەکانی "غەریزەی خۆپاراستنە"، بە مانای رێگەگرتن لەوەی بکوژرێت و لەناوببرێت لە لایەن ئەوانیترەوە کە لە خۆی بەهێزتر یان زۆرزانترن. قۆناغی دووەمیان قۆناغی تێپەڕاندنی غەریزە و قۆناغی "لەدایکبوونی عەقڵە کە تیایدا مرۆڤ دەرک بەوە دەکات پێویستە لەگەڵ ئەوانیتردا رێکبکەوێت بۆ ئەوەی ژیانێکی هاوبەشی هێمن و بێ توندوتیژیی و مانادار دروستبکات. هەروەها قۆناغی گەشەکردنی ئەقڵ بەلای هۆبز قۆناغێکی بایەخدار و بەرهەمدارە و مرۆڤ دەتوانێت لە رێگەیەوە گەشە بە ژیانی رۆژانەی خۆی بدات لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی باشتر، ئەم قۆناغە لای هۆبز قۆناغی لەدایکبوونی "رێککەوتنی کۆمەڵایەتی،،ـە، بەپێی ئەم پەیمانە هاوڵاتیان کەسێك هەڵدەبژێرن لە نێوان خۆیاندا بۆ بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەیان لە بەرامبەریشدا ئەم کەسە ماف و سەلامەتییان بپارێزێت (غنيمة، 1986: 183). بەهەمان شێوە ئۆگست کۆنت بە یەکەمین زانا دادەنرێت لە باسی قۆناغەکانی گشەکردنی کۆمەلگادا کە قۆناغی زانستی بە گرنگترین قۆناغ دادەنێت چونکە پێی وایە لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان لە رێگای بەکارهینانی ئەقڵەوە یاسا و رێسا دادەنێن، واتە یاسا نیشانەی بەکارهێنانی ئەقڵە و لای کۆنت قۆناغی زانستی کەتێیدا مرۆڤ پشتی بە کایەکانی ئەقڵەوە بەستوە بە دانانی یاسا و رێسا و رێکخستنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی یاسا و رێکارەکانی، ئەمەش بەلای کۆنت دەستکەوتێکی مەزنی مرۆییە بۆ سەقامگیری کۆمەڵگا و

پێیوایە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەتوانێ قۆناغ بە قۆناغ و لەگەڵ ڕودانی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئەقڵ و مەعریفە و زانستەوە بەردەوامی و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگای مرۆیی دەستەبەر بکات (شاهین، 2010: 687-689). لە تێڕوانینی کارل مارکسدا لە تیۆرەکەی بەناوی (ململانێی کۆمەڵایەتی)، جەختی لەوە کردۆتەوە و پێیوایە کە مرۆڤ لەوکاتەی دێتە دونیاوە چاکە بەخش و خۆنەویستە، بەڵام بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هۆکاری ژینگەی دەوروبەر وایلێدەکات کەسایەتی بگۆڕێت و لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە لەسەرەتاوە بەخۆیەوە بینیوە، مارکسیش پێیوایە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ململانێی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی پەنای بۆ بردووە لە میانەی ئەو بارودۆخە سەختەی ژیان کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئابوری لە دەست کەمینەیەکی کەمی خاوەن هێز و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهینان کۆبۆتەوە و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناکۆکی و نائارامی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بە لای مارکسەوە بنچینەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دادپەوەری و نەهیشتنی جیاوازی چینایەتییە، ئەمەش لەڕێگەی بە گشتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهینان و بەکارخستنی چینی کرێکارە و دورکەوتنەوە لەدەستبەسەرداگرتنی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا یاخود کەمینەیەك بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی چینایەتی، ئەمەش لە ڕێگای هێنانەکایەی ئارامی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێت پێویستە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و دابەشکردنی سەرچاوەی ئابوری لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی دادپەروەر پەیڕەو بکرێت کە بەدەسەڵاتی (شیوعیەت) ناوی بردووە، لەو کاتەدا تاوان و جیاوازی چینایەتی و گرفتی کۆمەڵایەتی بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات و کۆمەڵگەیەکی جێگیر و سەقامگیر و ئارام دێتە ئاراوە (الأزهر، 2016: 128-141).

باری بۆزان یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی قوتابخانەی (کۆپنهاگن) کە لەگەڵ چەند هاوکارێکیتری لە قوتابخانەی کۆپنهاگن پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیان خستەڕوو، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاسایشی کۆمەڵگە بریتییە لە توانای کۆمەڵگە بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە بنەڕتییەکانی خۆی لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشە ڕاستەقینەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەبنە هۆی باری ناسەقامگیری (قادر، 2020: 72). هەروەها باری بۆزان، بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسەکانی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێیوایە ئاسایش واتە خۆڕزگارکردن لە هەڕەشەکان، بۆیە بۆ هاتنەدی ئاسایشی نەتەوەیی هەندێکجار هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان چەند وڵاتێکدا دەکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش وڵات کار دەکات بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەستانەوەی لە ئاست هەر هێرشێك بۆ مانەوەی وەك کیانێکی سەربەخۆ، کە جەخت لە جێگیری بنەماگەلێك دەکاتەوە کە پێویستە لە چوارچێوەی ناوەخۆی کۆمەڵگا بێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەمەش بۆ بەرقەرار بوونی ئاسایشی نەتەوەیی و ئارامی دەبێ دەوڵەت هەماهەنگی بکات لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی جیهانی بۆ پاراستنی گیانی سەربەخۆیی و دەست وەرنەدان لەکاروباری یەکتر، بەمەش ئاسایشی کۆمەڵایەتی پارێزراو دەبێت. هەروەها بۆزان، ئاسایش دابەش دەکات بەسەر پێنج کەرت وەك: کەرتەکانی (سەربازی، ژینگەیی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی)، بەمەش ئاسایشی کۆمەڵایەتی پارێزراو دەبێت و ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ پەرەپێدانی ئەقڵی مرۆڤ بە ئامانجی گەشەسەندنی زیاتر، کە پێیوایە بەهێزی ئەو کەرتانە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی (بن عنتر، 2009: 13). هەر کەرتێك لەم کەرتانەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆییان هەیە بە ئەرکەکانی پەرلەمان لە کۆمەڵگادا بەپێی ئەوەی هەر ئەرکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان توانایەکی زۆر و گرنگی هەیە بۆ هێنانەدی سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە پەرلەمان بە باڵادەسترین دامەزراوەی یاسایی دادەنرێ لە کۆمەڵگادا.

## 2- ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕەهەندگەلێك هەن ڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر کایەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا هەیە، گرنگترینیان بریتین لەمانەوەی خوارەوە:

2-1 **ڕەهەندی سیاسی:** لایەنی سیاسی بەگرنگترین لایەن دادەنرێت بۆ هێنانەکایەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاریکردن لە گیانی سیاسی دەوڵەت و پارێزگاریکردنی لە بەرژەوەندیە باڵاکان و ڕیزگرتن لە بنەما چەسپاوەکانی کە زۆرینەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەیدا کۆبونەتەوە. هەروەها پابەند بوونی دانیشتوان بە یاسا و بنەماکانی دەوڵەت و خۆ بەدورگرتن لە پەنابردن بۆ وڵاتانی دەرەکی، دەبێتە هۆی بەهێزی ناوەخۆی وڵات و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە سەقامگیری دەمێنێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە کۆکردنەوەی هێزە سەرەکییەکانی دەوڵەت و دامەزراندنی حکومەتێکی شیاوی چالاك، کە بتوانێ لایەنە سیاسیەکان بەشێوەیەکی تەندروست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاراستە بکات و تەنگێژە سیاسییەکان لە چوارچێوەیەکی بچووکدا گەمارۆ بدات و ململانێکان بەرەو کەمبوونەوە ببات، بەمەش پەرلەمان دەتوانێ هاوسەنگی نێوان لایەنە سیاسییەکان بپارێزێت، ئەو هاوسەنگییەش وادەکات کۆمەڵگا کەشێکی سەقامگیرانە بەخۆیەوە ببینێت و پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات.

2-2 **ڕەهەندی ئابوری:** ئابوری و سەرچاوەی داهات لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەگرنگترین ئامراز دەژمێردرێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی شەڕەفمەندانە و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی دانیشتووان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها دابینکردنی هەلی کار بە لەبەرچاوگرتنی توانا و بواری پسپۆڕی تاکەکان لە بوارە هەمەجۆرەکاندا و کردنەوەی خولی ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردن لە ڕێگەی پەرەپێدانی کۆمەڵگا، لە هەمان کاتدا دەرفەت بۆ کەرتی تایبەت بڕەخسێ شان بە شانی دەوڵەت ئەرکەکان جێبەجێ بکات. بۆیە لێرەدا ڕۆڵی پەرلەمان دەبێت بەهەند وەربگیرێت و سوودی لێ ببینرێت لە ڕێگەی ئامرازگەلێکی وەك دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرە بە توانەکانی سەرچاوەی مرۆیی یاخود ئەنجامدانی گرێبەستی تایبەت لەگەڵ کۆمپانیا بەناوبانگە جیهانییەکان بدرێت، بۆیە لەو کاتەدا کاری پەرلەمانە بودجەی تایبەت لە ڕێگەی بودجەی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات. لەلایەکی دیکەش دەبێت توانا مرۆییەکان جەختیان لێبکرێتەوە بەمەبەستی بەگەڕخستنیان و باشترکردنی توانای داراییان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاشتی و ئارامی لە کۆمەڵگادا (السمالوطي، 1984: 42-43).

3-2 **ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:** مەبەست لێی دابینکردنی ئاسایشە بۆ دانیشتووان و لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدات کار بۆ پەرەپێدانی هەست و ئینتیمای نیشتیمانی بکرێت، هەر لە ڕێزگرتنی تا دەگات بەپیرۆز ڕاگرتنی بنەما نەتەوەییەکان لە ڕێگەی یادکردنەوەی یادە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و بەبیرهێنانەوەییان بۆ نەوەی تازە بەمەبەستی پاراستنیان و وون نەبوونیان لە داهاتودا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندەرێکی باشە بۆ جێگیری دەرونی و هەبوونی سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی (عبدالصمد ، 2011 : 18).

لەلایەکیتر ئەرك و کارەکانی پەرلەمان و حکومەت ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە پەرەسەندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەرکی سەرەکی حکومەت و پەرلەمانە بەتایبەتی کە پەرە بە پەیوەندییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان سەرجەم پێکهاتە و کەمینەکانی کۆمەڵگا بدات، پێویست دەکات پەرلەمان لە میانەی چالاکییەکانی کاری پەرلەمانی پرۆگرام و پلانی پتەو دابڕێژێت بۆ بەهاناوە چوونی بارە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی ڕودانی کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو هۆز و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆئەوەی بتوانرێ بە زوترین کات چارەسەر بکرێت. جگە لەمەش دروستکردنی گیانی تەبایی و برایەتی لە نێوان پێکهاتەکان و بەهاناوە چوونی یەکتر لەکاتی پێویست، لەو کاتەدا کۆمەڵگا سەقامگیر دەبێت و دەتوانرێ کەشێکی ئارام بۆ تاکەکانی فەراهەم بکات، بۆیە پیویستە پەرلەمان بە جیدی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵێتەوە، چونکە هەر چەندی باری کۆمەڵایەتی سەقامگیر بێت، ئەوەندەش کۆمەڵگا و دەوڵەت سەقامگیر دەبێت.

4-2 **ڕەهەندی نیشتیمانی:** ئاسایشی نیشتمانی لە هەموو وڵاتانی جیهان بە بایەخێکی زۆرەوە سەیر دەکرێت، ئەم ڕەهەندەش تایبەتە بە پارێزگاریکردن و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ئەو وڵاتە و خاکەی کە مرۆڤەکان تێیدا دەژین، پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان لە ئەستۆی دەسەڵاتە کە ڕێگە نەدات ئاسایشی نیشتیمانی بکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسییەکان، جا مەترسی ناوەخۆیی بێت یاخود دەرەکی، لێرەدا کاری پەرلەمان ئەوەیە بتوانێت ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکەکان بگۆڕێت و بەرنامەرێژی بۆ دروستکردنی هەستی نیشتمانی لە ناخی یەکە بە یەکەیان بچێنێ، هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن بەدانانی پەیڕەو پرۆگرامی نەتەوەیی و مێژوویی باو باپیران لەبارەی گیانفیدایی و خەباتکردنیان لەسەر ئەو خاکە، چونکە لەکاتی بەهێزی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییدا یەکگرتوویی و تەبایی دێتە کایەوە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی سەقامگیر دەبێت، ئەم ڕەهەندەش تایبەتە بە پارێزگاریکردن و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ئەو وڵاتە و خاکەی کە ئەو هاوڵاتیانەی تێدا دەژین. پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان لە ئەستۆی دەسەڵاتە و نابێت ڕێگە بدات ئاسایشی نیشتیمانی بکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسییەکان جا ئەو هەڕەشانە ناوەخۆیی بێت یاخود دەرەکی (دری، 2019: 33-34).

## 3- کۆلەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

بەمەبەستی چەسپاندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگادا، بۆ کاری پەرلەمانی کۆمەڵێك کایە هەن سوودیان لێوەردەگرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-3**تێرکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا:** پێویستە لە هەر هەڵومەرج و سەردەمێکدا ڕێز لە شکۆ و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان بگیرێت و هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم بکرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی سەرشانی حکومەتە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری سەرەکی پەرلەمانە لە هەر کەمتەرخەمیەکی حکومەت و کابینەکەی سەبارەت بە باری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا بکۆڵێتەوە، هەروەك پێشتر باسمان کرد پەرلەمان هەڵقوڵاوی دەنگەکانی گەلەو دەبێ ڕێز لەو دەنگانە بگیرێت و لەڕێگەی ئەندامانی پەرلەمانەوە بەرگری لە هاولاتیان بکات، هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی گرفت و کێشەکان کەم دەکاتەوە و دواتر ئارامی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، وادەکات تاك شانازی بە خۆی و کۆمەڵگاکەی و تا دەگاتە دەوڵەتەکەی بکات (بن خلدون، 1992: 417). جگە لەمانەش ئەرکەکانی پەرلەمان خۆی لە چەندین بواری تری جۆراجۆردا دەبینێتەوە و هەر بوارێکیش بە جۆرێك لە جۆرەکان قورسایی لەسەر ئەدای پەرلەمان دروست دەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جێگیری کۆمەڵایەتی دەبێت.

2-3**یەکسانی کۆمەڵایەتی:** بناغەی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك لە پەیڕەوکردنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرێت، کاری پەرلەمان ئەوەیە چاودێری هەڵومەرجی ناوخۆی کۆمەڵگا بەچری بکات، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایەی لە فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەب پێکدێت، لێرەدا ئەرکی سەرکی پەرلەمانە بەدواداچوون و گفتوگۆی ورد لەگەڵ سەرجەم نەتەوە و کەمینەکان بکات لە ئەگەری هەر سەرپێچی و کاری نایاسایی هەر هێزێك لە هێزەکانی دەوڵەت، کە ببێتە مایەی تێکدانی سەقامگیری و نانەوەی پشێوی، چونکە لە ئەگەری ڕودانی هەر پێکدادانێکی ئایینی یاخود نەتەوەیی...هتد، شڵەژانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەرکی پەرلەمانە چاودێری وردی بارودۆخی ناوخۆی کۆمەڵگا و کەمەنەتەوەکان بکات لە ئەگەری هەر دەستدرێژی و لایەنێکی نایاسایی (بشارة،2001: 123).

3-3**سەروەری یاسا:** لەڕێگەی دەرکردنی یاسای تازە و هەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکان کە پەرلەمان لێی بەپرسیارە بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی کومەڵایەتی، دەبێت ڕێگربێت لە سەرپێچیکردن لە سیستەم و دامەرزاوەکانی دەوڵەت و ڕێنماییەکانی، لە پێناو دابینکردنی ئارامی و ئاسایشدا هاوکاری ئەو کەسانەبێت کە پێویستیان بەهاوکاری هەیە. دەبێت ڕێگەش لە دەسەڵاتدار و خاوەن هێزەکان بگرێت بۆئەوەی نەهێڵێت بەهۆی پێگەو هێزەکانیان خۆیان بەسەر خەڵکی بێهێز و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایی بسەپێنن و سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی تێکبدەن (شوانی، 2021: 67) هەروەها یاسا لە کۆمەڵێك بنەماو پرانسیپ پێکدێت و ڕەفتارەکانی تاك دەستنیشان دەکات لە چۆنیەتی مامەڵەکردن و پەیوەندیکردنی بە تاکەکانی دیکەو و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەمەر دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەمەش وا لە تاك دەکات بەپێی بنەماکانی یاسا فەرمی و نافەرمییەکان بگونجێ و بیر لە لادان نەکاتەوە کە بەو هۆیەوەش ڕێگاکانی تاوان بەرەو کەمی و لاوازی دەڕوات و ڕێگە خۆشدەبێت بۆ هاتنەدی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

3-4 **دادپەروەری کۆمەڵایەتی:** جیاوازی نەکردن لەسەر بنەمای ئایین، مەزهەب، نەتەوە و زمان، لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ڕەنگە بەرقەراربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە و ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە بەردەوامبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەرقەراربوونی ئاسایشی دەوڵەت.

3-5 **هاوتەبایی و ئارامی سیاسی:** بارودۆخی سیاسی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر جێگیری و ناجێگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە، لە هەر کاتێکدا کە لایەنە سیاسی و پارتە سیاسییەکان هاوتەبا و هاوکۆکبن و تواناکانیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلەوە تەرخان بکەن ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر سەقامگیری ئاسایشی گشتی و لە نێویشیدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێت (مصطفى،2000: 233).

## 4.1. گرنگی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئاسایش بە گشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی و ئاماژەدەری سەقامگیری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و وڵاتە، هەندێك لە بیرمەندان و پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیانوایە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، تاکەکان و کۆمەڵگا لە هەر مەترسییەکی ناوەکی و دەرەکی دەپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگییەکانی ئاسایش بەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

أ. ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێداویستییەکی بایەخدارە بۆ تاك و کۆمەڵگا.

ب. بزوێنەری تاکە بۆ ئاراستەکردنی بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتاری ئەرێنی و پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە سەقامگیری دەرونی و بەردەوامبوون.

ت. ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئامرازێکی گرنگە بۆ هاوسەنگی و هێنانەدی ئاسایشی دەرونی و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوانیتردا.

ث. گرنگی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاك هەست دەكات لە ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر ژیان بەسەر دەبات و هەستی ڕێز و خۆشەویستی بۆ تاکەکانیتری کۆمەڵگا دەبێت.

ج. ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەستی گونجان و پێکەوە ژیانی خێزانەکان فەراهەم دەكات.

ح. ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبیتە هۆی هەستکردنی تاکەکان بە ئاسایشی دەرونی و تەندروستی و دارایی، دڵنیایی تەواویش دەبەخشێ لەکاتی ڕودانی هەر گرفتێك وەك کارەساتە سروشتییەکان.

بۆیە فەراهەمکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە پێشینەی هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی دێت، کە بە هۆیەوە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و تەندروستی ....هتدی تێدا فەراهەم دەبێت، بەم شێوەیەش خۆشگوزەرانی هەمیشەیی بەرهەم دێنێت (خليل، 2010: 76).

سەرباری ئەمانەش کۆمەڵێك ئامراز هەن بۆ هێنانەدی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە:

أ. **ئامرازی مەعنەوی:** ئەم لایەنە پشت دەبەستێت بە ئاراستە کردنێکی گشتی لە پەروەردە و فێرکاری تەندروست و هزرێکی فراوان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی گەل و چاندنی بەهای ئەخلاقی و دەرکردنی پرۆژە یاسای تازە کە بتوانی مافەکانی تاك فەراهەم بکات.

ب. **ئامرازی ماددی:** ئەمەش خۆی لە لایەنی ماددی لە دامودەزگا و ئەو وەزارەتانە دەبینێتەوە کە دەوڵەت دایدەمەزرێنێت و چاودێری دەكات، بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەست بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی تاکەکان و کۆمەڵگا بەگشتی و بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی لە بنەماکانی یاسا لادەدەن، ئاسایشی کۆمەڵایەتیش بەرقەرار نابێت ئەگەر دامەزراوەی تایبەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی خێزان نێتەکایەوە، چونکە خێزان هێڵی تۆکمەی بەرگرییە لە بەرقەراربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (زهران، 1989: 78).

### 4- دەرهاوێشتەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی:

لە ڕابردو و ئێستا و داهاتوودا پرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایش لە ڕوانگە گشتیەکەیەوە بە بایەخەوە سەیردەکرێت، کاری تەواوی بۆ کراوە لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجەکانی کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە گەشەسەندن و پێشك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ەوتنی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت.

هەروەها گرنگترین ئەو دەرهاویشتانەی لە ڕێگەی سەقامگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتیەوە دەتوانرێ بەدەست بهێنرێت، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ. لەڕێگەی سەقامگیری کۆمەڵایەتییەوە لایەنی ئابوری پەرە سەندنی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێ، کە لە ڕێگەیەوە سەرجەم پێداویستییەکانی تاك و کۆمەڵگا مسۆگەر دەکات.

ب. دوورکەوتنەوە لە کاری تاوانکاری و لادان، هەروەها ڕووکردنە ڕێگایەکی دروست کە ببێتە مایەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و پارێزگاری لێکردنیان.

ت. ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵ، کە بەهۆیەوە پەرەسەندنی بەردەوام بەدیدێت.

ث. دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

ج. قوڵبونەوەی ئینتیما و پابەند بوون بە ڕۆحی نیشتیمان پەروەری و بەرگریکردن لێی لە کاتی هەبوونی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی.

ح. دەبێتە هۆی بونیادنانی حکومەتێکی ڕاستگۆ و متمانەپێکراو و کارکردنی لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی (الذهبي، 1985: 302).

## 5- مەترسیەکانی نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

بەو پێیەی لە سیستەمی فەرمانرەوایی دیموکراسیدا ئەندامانی پەرلەمان لەڕێگەی گەلەوە هەڵدەبژێردرێن و پەرلەمانیش لەڕێگەی دەرکردنی پڕۆژە یاساکانییەوە دەستی حکومەت والا دەکات بۆ جێبەجێکردنی و بەرپرسیاریدەکات لە دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە کاتی سستی و جێبەجێنەکردنی یاساکان وەك خۆی و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی گشتی و هاوڵاتییان بەتایبەتی ئەوا جۆرێك لە نارێکی کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاردەکاتە سەر ئەداو لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسا، بەمەش لەکاتی پابەندنەبوونی بەجێبەجێکردنی یاساکان و فەرامۆشکردنیان نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی پشێوی و دروستبونی مەترسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواکەوتنی کۆمەڵگا، سەرئەنجامیش کۆمەڵگا بەرەو داڕمان دەبات (السيد، 2005: 273).لێرەشدا دەکرێ بە چەند خاڵێك ئاماژە بە مەترسییەکانی بکەین:

1. نەمانی متمانە لە نێوان هاوڵاتیان بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری.
2. سەرهەڵدانی دیاردەکانی تاوان و کوشتن و لادانی کۆمەڵایەتی.
3. زیادبوونی دیاریدەی تەڵاقدان، کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دارمانی خێزان و کۆمەڵگا بەگشتی.
4. بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری.
5. نەمان یاخود لاوازبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باڵادەستی هێز و گرووپی هەمەچەشن(خليفة، 1999: 211).

**شەشەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

پاڵپشت بەو زانیارییە زانستیانەی لەم توێژینەوە تیۆرییە خراوەتە ڕوو دەگەینە ئەو ئەتجامانەی خوارەوە:

1. لەڕێگەی دەرکردن و جێبەجێکردنی بڕیار و پڕۆژە یاساکان، پەرلەمان دەتوانێت ڕۆڵی کارا بگێڕێت لە چەسپاندنی سەقامگیربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی .
2. لە ئەنجامی لاوازی و جێبەجێنەکردنی یاساکان وەك خۆی و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتییان، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی نارێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی فەرامۆشکردن و جێبەجێنەکردنی یاساکان وەك پێویست، بەم شێوەیەش جۆرێك لە نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات.
3. ئەرك و کارەکانی پەرلەمان دەبێتە هۆی هاتنە کایەی ئارامی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پەرەدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان سەرجەم تاك و پێکهاتەو کەمینە جیاکانی کۆمەڵگادا.
4. لەڕێگەی بەرقەراربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکان هەست بە ئاسایشی دەروونی و تەندروستی دەکەن ،کۆمەڵگە بەرەو قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی لایەنی ئابوری هەنگاودەنێت ئەمەش دەبێتەهۆی دووركەوتنەوە لە کاری تاوانکاری و لادان.

**حەوتەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

1. پەرلەمان رۆڵی کارا ببینێت لە جێبە جێکردنی بڕیارە یاسایەکان و لە رێگەی ئەندامەکانیەوە چاودێری ووردی دۆخی هاوڵاتیان بکات.
2. لەرێگەی دانیشتنەکانەوە هەوڵبدرێ هۆشیاری زیادبکرێت و تاوەکو هاوڵاتیان زانیاری لەسەر مافە یاسایەکانیان بەدەست بهێنن.
3. پێویستە پەرلەمان گرنگی بە کێشەکانی هاولاتیان بدات و لە رێگەی لێژنە تایبەتەکانەوە هەوڵی نزیك کردنەوەی سەرجەم لایەن و پێکهاتەو چینە جیاوازەکان بدات.
4. گرنگی زیاتر بدرێ بە توێژینەوە زانستیەکان لەسەر رۆڵی پەرلەمان و هەوڵبدرێ سوود لە دەرئەنجامی توێژینەوەکان وەربگیرێت .
5. بە گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەرقەراربوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێویستە پەرلەمان یاسای نوێ دەرکات.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**


1- پەیڕەوی ناوەخۆی، پەرلەمانی کوردستان-عیراق ( 2018)

2- دری. سالار تەحسین سەیدو (2019) *ئاسایشی کۆمەڵایەتی: تاك، خێزان، کۆمەڵگە*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

3- رۆستایی. زانا سعید (2017)رێگا بەرەو پەرلەمان، پەرلەمانتار، گۆڤارێکی وەرزی لێکۆڵینەوەیە لە بوارە جیاجیاکان یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەریدەکات، ژمارە(25)حوزەیران(2017).

4- زێباری. طاهر حسۆ (2018)*رێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا*، وەرگێڕانی: شەهلا وەلی جەبار، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

5- ستووپەیی. جەواد مستەفا (2019)*سیستەمە سیاسییەکان*، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

6- سلێمان. اسکندر غریب (2015)*رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی - توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان*، نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر: کۆلیژی ئاداب.

7- سلێمان. فوئاد ئەحمەد (2019)*مێژووی یاسادانان لە پەرلەمانی كوردستان*، هەولێر: سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی كوردستان.
8- صادق.یوسف محەمەد و ئەوانیتر (2014)*كوردستان و عێراق ململانێی ناوەخۆیی و ئایندەی سیاسی*، سلێمانی: چاپخانەی كاردۆ.
9- عزیز. سەردار (2020)*پرسە پەرلەمانییەكان*، پەرلەمان چییە؟ -بودجە-دیپلۆماسی پەرلەمانی، زنجیرە توێژینەوە، هەولێر، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی كوردستان، ژ6.
10- عەبدوڵڵا. فەرهاد حەسەن (كانوونی دووەمی 2020) *پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن: هەڵوەشاندنەوەی حكومەت لە دوو سەردەمی حوكمڕانی عێراقدا*، سلێمانی: زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان. ژمارە(97) .
11- عەزیز. حەمید (2008)*سەرەتایەك لە فەلسەفەی كلاسیكی یۆنان*، چ3، ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئاوێر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
12- عەلائەددین. دلاوەر عەبدولعەزیز (2018)*دەوڵەتسازی نەخشە ڕێگایەك بۆ سەروەركردنی یاسا و بە دامەزراوەییكردن لە هەرێمی كوردستان*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
13- عەلائەددین، پرۆفیسۆر دلاوەر عەبدولعەزیز (2013)*ئیشتیمانسازیی، سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی كوردستان*، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
14- قادر. پەروێز (2020)*ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە*، تاران: چاپخانەی ماد.
15- قدور. عمر أحمد (2009)*ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت*، وەرگێڕانی: ئازاد گراوی، هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.
16- محەمەدی. زاهیر و یاسین حاجی زادە (2006)*قاموسی سیاسی ئارەش*، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
17- مەحمود. سالار (2021)*ڕۆڵی پەرلەمان لە پرسە نیشتیمانییەكاندا(ناساندنی جینۆسایدو دۆزی پارچەكانی كوردستان)*، سلێمانی: چاپخانەی كارۆ.
18- نورەیی. كاروان ئەحمەد (2021)*میتۆدەكانی توێژینەوەی چەندێتی و چۆنیەتی لە كاری كۆمەڵایەتی و كۆمەڵناسیدا*، سلێمانی: چاپخانەی زانا.
19- هەمەوەند. عبدالكریم (2011)*ڕۆڵی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان لە پرۆسەی یاساگەریدا*، پەرلەمانتار، گۆڤارێكی وەرزی لێكۆڵینەوەیە لە بوارەجیاجیاكان، یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان دەریدەكات، ژمارە(10)ئایاری 2011.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

20- وەرتی. د.أحمد(2014)*پرۆسەی یاساکاری لە پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان*، هەولێر: چاپخانەی پەرلەمان.
21- یەکێتی پەرلەمانتارانی نێودەوڵەتی (2011)*پەرلەمان و دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا*، وەرگێڕانی: هەڵکەوت عبدالله، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**دووەم: عەرەبییەکان:**

1. الأزهر. علال(2016)*ماركس: الإنسان المعوز المناضل والعبقري المؤثر في تاريخ البشري*. مجلة نوافذ – العدد 61، المغرب.
2. إسماعيل. مسعود حميد(2008)*الامن القومي الكردي وسبل حمايته جنائيا*(دراسة قانونية تحليلية)، السليمانية: مركز دراسات للدراسات الاستراتيجية.
3. بشارة. عزمى(2001)*المجتمع المدني (دراسة نقدية )*، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
4. بن خلدون. أبو زيد عبد الرحمن(1992)*مقدمة ابن خلدون*، بيروت: دار الكتب العلمية.
5. بن عنتر. عبد النور (2009)"*المدارس الفكرية في تعريف مفهوم الأمن*"، محاضرة مقدمة لطلبة الماجستير، باتنة، كلية الحقوق، قسم العلوم السياسية، الجزائر.
6. التويجرى. على بن عبدالمحسن (2005) *الحضارة البرلمانية ومدى تطبيقها على أعضاء مجلس الشورى السعودي*، درجة الماجستير، غير منشورة, في القسم العدالة الجنائية، نايف العربية للعلوم الأمنية، االرياض.
7. الحربى. سليمان عبدالله (2008)*مفهوم الامن: مستوياتة و تهديداتة* (دراسة نظرية في المفاهيم والاطر)، المجلة العربية للعلوم لسياسية, العدد 19سنة (2008)
8. حسين. العجيلي خميس غربي (2018)*حتمية التغيير في فكر ابن خلدون*، دراسة سوسيولوجية لظاهرة التغيير في التاريخ العربي، جامعة فيلادلفيا، المؤتمر السابع عشر، كلية الآداب، الأردن.
9. خليفة. عبدالرحمن(1999)*ايدولوجية الصراع السياسي*، القاهرة: دار المعرفة الجامعية.
10. خليل. منى عطية خزام(2010) *شبكة الامان الاجتماعي وتحسين نوعية حياة الفقراء*. الإسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.
11. دوفاني. سعاد (2015)*الإنسان والقيم عند ابن خلدون*، اسطنبول: النور للدراسات الحضارية والفكرية.
12. الذهبي. شمس الدين محمد بن احمد(1985)*سير الاعلام النبلاء*. الرياض: مؤسسة الرسالة.
13. زهران. حامد عبدالسلام (1989)*الأمن النفسي دعامة أساسية للأمن القومي العربي*. مصر: اتحاد التربويين.
14. سعيفان. أحمد (2008) *الانظمة السياسية والمبادئ الدستورية العامة (دراسة مقارنة)*. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

15. سليمان. عبدالله محمود (1973)*المنهج وكتابة تقرير البحث في العلوم السلوكية*. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.
16. السمالوطي. نبيل محمد توفيق(1984)*علم اجتماع التنمية*، الإسكندرية: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
17. السهلي. ماجد اللميع حمود (2007) *الأمن النفسي وعلاقته بالأداء الوظيفي* : دراسة مسحية على موظفي مجلس الشورى السعودي، أطروحة (ماجستير)-جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، كلية الدراسات العليا، قسم العلوم الإدارية.السعودية.
18. السيد. عادل حسن علي(2005)*التخطيط الأمني لمواجهة عصر العولمة*، مجلة الأمن والحياة، العدد 273 ،مارس 2005، -الرياض: جامعة نايف الأمنية.
19. شاهين. الهام محمد فتحي محمد(2010) *الفلسفة الوضعية عند اوغست كونت واسباب ظهورها*، بحث لغرض ترقية علمية-منشورة، كلية الدراسات الاسلامية والعربية للبنات -جامعة الازهر،القاهرة.
20. عبدالصمد. عادل (2011) *دور المؤسسات في تحقيق الأمن الاجتماعي* -مؤسسة دار الهلال نموذجا، الرياض: مجلة الهلال، العدد92.
21. العماوي. مصطفى صالح(2009)*التنظيم السياسي والنظام الدستوري*. عمان: الثقافة للنشر والتوزيع.
22. العمري. محمد (2009)*التربية الامنية في المنهج الاسلامي*،رسالة دكتورا،غير منشورة ، الرياض: قدمت الى جامعة الامام محمد بن السعود.
23. غالب.مصطفى (1989)(*سقراط)-في سبيل الموسوعة الفلسفية*، بيروت: دار ومكتبة الهلال.
24. غنيمة، عبد الفتاح (1986)*نحو فلسفة السياسة، النظم والنظريات والمذاهب السياسية ، أصولها وتطورها التاريخى*، الإسكندرية : دار الفنون العلمية.
25. الفار، د. عبد القادر(2006) *المدخل لدراسة العلوم القانونية*، عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع
26. الكيالي. عبد الوهاب(1990) *موسوعة السياسة*، ط3، بيروت: الشبكة العربية للأبحاث والنشر.
27. اللحام، محمود عزت، والاخرون (2015) لإعلام الأمنى، عمان: دار الإعصار العلمي للنشر والتوزيع.
28. محمد. إبراهيم عبد القادر (2013)*التحديات الداخليه والخاريجة المؤثرة على الأمن الوطني الأردني في الفترة(1999-2013)* دراسة حالة، رسالة مقدمة لاستكمال الحصول على درجة الماجستير في العلوم السياسية، قسم العلوم السياسية ،كلية الأداب و العلوم، جامعة الشرق الأوسط.
29. مصطفى. عدنان ياسين (2000)*التنمية المستدامة بين ايدلوجية الشمال و مازق الجنوب(رؤية سوسيولوجية)*مجلة دراسات الاجتماعية،العدد9،بغداد:2000.ص 8.
30. مصطفى، د. عمر ممدوح(1965)*القانون الروماني*، القاهرة: دار المعارف للطباعة والنشر.

31. الهيتی. عبدالستار(2007)*مسئووليه ائفراد والاحهزه الحكوميه فی تحقيق المن الاجتماعيي*. البحرين: مؤتمر الأمن الاجتماعی تحديان و تطلعات.

**سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان:**

1. J. M. Bakker and Johannes M. M. H. Thijssen, eds,(2016) *Mind Cognition, and Representation: The Tradition of Commentaries on Aristotle's De Anima*, London: Ashgate.

## The Role and Duties of Parliament in Achieving Social Security

**Lajan Mohammed Othman**
Department of Sociology, College of Arts, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Lajan.mo@gmail.com

**Mohammed Hussen Shwany**
Department of Sociology, College of Arts, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
mohshwany@gmail.com

***Keywords***: *Parliament, Social Security, Security Psychological, Parliamentary System, Opposition.*

## Abstract

Our goal in this research is to highlight the duty, role and importance of the parliament to the extent of the impact of social security of citizens in the Kurdistan Region, the main question of our research as follows: Does the presence of parliament have any effect on social security? In light of this objective, the main objective of this study is to conclude that if not all parliamentary decisions are able to provide social security, some have reached this conclusion. The research also plays a significant role in understanding the duty and role of the parliament in achieving social security, according to the research focuses on the duties and work of the parliament, especially in terms of parliamentary sessions on social and psychological security. Because the parliament as one of the most important official institutions of the political system of the country has an important position at the domestic and international levels.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

And because our research is theoretical research and we used analytical methods, the researcher finally came to the conclusion that by issuing and implementing decisions and bills. Parliament can play an active role in consolidating social security longtime. In our research, we present the results and recommendations of the research.

---

## دور وواجبات البرلمان في تحقيق الضمان الاجتماعي

**الملخص:**
هدفنا في هذا البحث هو إبراز واجب ودور وأهمية البرلمان لمدى تأثير الضمان الاجتماعي للمواطنين في إقليم كوردستان ، وكان السؤالالرئيسي لبحثنا كالتالي: وهل لوجود البرلمان تأثير على الضمان الاجتماعي؟ في ضوء هذا الهدف ، فإن الهدف الرئيسي من هذه الدراسةهو استنتاج أنه إذا لم تكن جميع القرارات البرلمانية قادرة على توفير الضمان الاجتماعي ، فقد توصل البعض إلى هذا الاستنتاج كما تلعب هذا البحث دورًا مهمًا في فهم واجب ودور البرلمان في تحقيق الضمان الاجتماعي ، بحسب الدراسة التي تركز على واجباتوأعمال مجلس البرلمان، لا سيما من حيث الجلسات البرلمانية الخاصة بالضمان الاجتماعي والنفسي. لأن البرلمان باعتباره من أهمالمؤسسات الرسمية للنظام السياسي للبلاد يحتل مكانة مهمة على المستويين المحلي والدولي.
ولأن بحثنا هو بحث نظري واستخدمنا الأساليب التحليلية ، توصل الباحث أخيراً إلى نتيجة مفادها أنه من خلال إصدار وتنفيذ القراراتوالفواتير. يمكن للبرلمان أن يلعب دورًا نشطًا في تعزيز الضمان الاجتماعي في قديم زمان. في بحثنا ، نقدم نتائج وتوصيات البحث.
**الكلمات المفتاحة:** مجلس الوطني، الامن الاجتماعي، الامن النفسي، النظام البرلماني، المعارضة.